هەردی ئازاد یاریزانی تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# بۆ پێگەیاندنی یاریزانی باش پێویستمان بە گۆڕەپان و مامۆستای لێهاتووهەیە



یانەکانی شاری سلێمانی پێشەنگی یانەکانی شارەکانی کوردستانیان گرتووە لە گرنگیدان بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان یاریزانانی ئەو شارە و دەوروبەری چەندین ئەنجامی باشیان بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، گرنگیی یانەکانیش بۆ ئەم یاریزانانە لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان بۆتە هۆکارێک کە لە پاڵەوانیەتییەکانی ناوخۆ و دەرەوەش چەندین ئەنجامی باشیان دەستەبەر کردووە، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانیش لە یاری هەڵدانی قورسایی هەردی ئازادە کە لەدایکبووی شاری سلێمانییەو قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییەو ماوەیەکی زۆریشە لە ریزی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یاری دەکات، پێشووتریش بۆ هەریەک لە یانەکانی سیروانی نوێ و پیرەمەگروون و شەقڵاوە یاریی کردووە و چەندین ئەنجامی بەرچاویشی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەدەستهێناوە. بۆ ئاگاداربوون لە ژیانی وەرزشیی ئەو یاریزانە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەوەیش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

*** لە نێوان ئەم هەموو یارییە چۆن بوو بە یاریی گۆڕەپان و مەیدان ئاشنا بوویت؟**

- چونکە وا هەستم دەکرد ئەم یارییە بۆ من زۆر گونجاوە، یارییەکەش لە ناو سەرجەم یارییەکان پێ دەڵێن دایکی یارییەکان بۆیە منیش ئەم یارییەم هەڵبژارد.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان لەسەرئاستی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەبینی؟**

- بەشێوەیەکی زۆر باشی دەبینم و ساڵ بەساڵیش بەرەوپێش چوونی بەرچاوی هەیە و بەردەوام ژمارەی پێوانەیی تۆماردەکرێت لەلایەن یاریزانانەوە، ئەوەش مانای پێشکەوتنی یارییەکەیە.

*** ئەی لە شار سلێمانی لە چ ئاستێکدا دەیبینی کە سلێمانی هەموو کات خاوەن یاریزانانی بەتوانا بووە و کێبڕکێیان لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە کردووە؟**

- لە شاری سلێمانی لە لوتکەدایەو ئێستا بە شێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیوە، هەمیشە یاریزانی باش لەم شارە دەرکەوتووەو خاوەنی چەندین ژمارەی پێوانەیی باشن لەسەر ئاستی عێراق.

*** پێتوایە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان دەبێت چی بکرێت؟**

- دروستکردنی گۆڕەپانی یاری هەر لە یاریگای داخراو بۆ هەموو یارییەکان و دابینکردنی کەرەستەی باشمان پێویستەو بۆ پێگەیاندنی یاریزانی بەتوانا پێویستمان بە مامۆستای لێهاتووی تایبەت بە یاری گۆڕەپان و مەیدان هەیە. هەروەها دابینکردنی یاریزانان

ئەگەر بە رادەیەکی کەمیش بێت، ئەوانە هەمووی هۆکارن بۆ باشتربوونی ئاستی ئەم یارییە.

*** باشترین ئەنجامە باشەکانت وەکو یاریزانێك چین؟**

- یەکەمی کوردستان و چوارەمی عێراق و دووەمی زانکۆکانی عێراق و یەکەمی پەروەردەکانی کوردستان، جگە لە شکاندنی ژمارەی پێوانەیی خۆم، چەندین جاریش پلەکانی دووەم و سێیەمم بەدەستهێناوە.

*** لەئێستادا بەرنامەت وەکو یاریزانێك چییە؟**

-بەردەوام لە ئامادەکاریدام بۆ بەشداریکردن لە کێبڕکێیەکان بۆ ئەوەی بتوانم ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنم.

*** کێشەو گرفتی یارییەکە زیاتر چییە؟**

- نەبوونی کەلوپەلی تایبەت بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان و کەمی خوڵ و پاڵەوانیەتی ئەمانە هەمووی گرفت و بەربەستن بۆ یاریزانانی ئەم یارییە.

*** هیواو ئاواتت وەکو وەرزشکارێك چییە؟**

- تاکە هیوای من بەشداری کردنمە لە پاڵەوانیەتیەکانی دەرەوەی عێراق و تۆمارکردنی ژمارەی پێوانەیی بە ناوی خۆمەوە.

*** ئایا یانەکەتان وەکو پێویست هاوکاریتان دەکەن؟**

- یانەکەمان بە شێوەیەکی باش هاوکاریمان دەکات، زۆر سوپاسی سەرۆکی یانەکەمان دەکەم کە پاڵپشتی باشمان دەکات و سوپاس بۆ راهێنەری تیپەکەمان و دکتۆر ئەحمەد بەهائەدین کە بەردەوام هاوکاری کردووم لەم یارییە.

*** بەچ یاریزانێك سەرسامی؟**

- بەهەریەك لە یاریزانان هۆ فا لە یارییەکەی خۆم و رۆناڵدۆی پورتوگالی لە یاری تۆپی پێ.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاسی خێزانەکەم دەکەم کە بەردەوام پاڵپشتم بوون، هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو یاریزانەکان دەخوازم، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانیش کە بەردەوام هاوکاری یاریزانانی شارەکانی کوردستان دەکات بۆ بەسەرکردنەوەیان و ناساندنیان رۆڵتان زۆر بەرزە.




دیمانە: کارزان کانەبی



# دوای دۆڕانی یانەکەی هاندەرێکی پاریس سانت جێرمان هاوڕێکەی دەکوژێت

گەنجێکی هاندەری یانەی پاریس سان جێرمان هاوڕێیەکی خۆی کوشت بەهۆی ئەوەی گاڵتەی پێکردووە لەدوای دۆڕاندنە قورسەکەی بەرانبەر یانەی بەرشەلۆنە لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.

سەرچاوەیەکی دادوەری بە ئاژانسی فرانس پرێسی راگەیاندووە، کە ئەو کوڕە هاندەرە تەمەنی ١٨ساڵەو لەدوای یارییەکە چەقۆی لەملی هاوڕێکەی داوەو بەو هۆیەوە کوشتوویەتی.

رووداوەکە لە شاری لیبرێڤیلی پایتەختی گابۆن لە کیشوەری ئەفریقا روویداوەو دەوترێت کە ئەو هاندەرەی هاوڕێکەی کوشتووە لەو کاتەدا لەژێر کاریگەریی مادەکحولییەکاندا بووە.

قوربانییەکە راستەوخۆ لە شوێنی رووداوەکە بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستداوەو هاندەری یانە فەڕەنسییەکەش لەگەڵ ئەوەی دانی بەتاوانەکەیدا ناوە، ئاماژەی بەوەش کردووە، کە ئەو نیازی کوشتنی هاوڕێکەی نەبووە.

یانەی بەرشەلۆنە لە یاری گەڕانەوەی قۆناغی ١٦ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەئەنجامێکی چاوەڕواننەکراودا توانی بەئەنجامی ٦-١ گۆڵ لەیانەی پاریس سانت جێرمانی فەڕەنسی بباتەوەو ببێتە خاوەنی گەورەترین گەڕانەوە لەمێژووی ئەو پاڵەوانێتییەدا دوای ئەوەی لەیاری چوون بە ئەنجامی ٠-٤ دۆڕابوو.



# کافۆ: نێیمار دەتوانێت پیلێ تێپەڕێنێت

کافۆ ئەفسانەی بەرگری پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل پێی وایە ئەگەر نێیمار دا سیلڤای هاونیشتیمانی لەو ئاستە بەرزەی و لە گۆڵ کردن بەردەوامبێت ئەوە دەتوانێت پیلێی هاونیشتیمانی و ئەفسانەی پێشووی بەرازیل تێپەڕێنێت.

پیلێ لە ژیانی وەرزشیدا، کە خاوەنی سێ مۆندیالە لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل ٧٧ گۆڵی تۆمارکردووە بۆ هەڵبژاردەکەی، بەڵام نییماری تەمەن ٢٥ساڵ تاکوو ئێستا ٥٠ گۆڵی بۆ بەرازیل تۆمار کردووە.

لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەری یەکێتی تۆپی پێی جیهان، کافۆ گوتی: ژمارەکان دەنوسرێت بۆ ئەوەی بشکێنرێت، نێیمار دەتوانێت ئەو ژمارەیە بشکێنێت، نێیمار هێشتا لاوە کاتی زۆر لەبەردەست ماوە تاکوو ئاستی باش پێشکەش بکات، ئەگەر لەو ئاستە بەرزەی ئێستای بەردەوامبێت ئەوە بە دڵنیاییەوە ژمارەیەکی پیلێ دەشکێنێت.

دەربارەی ژمارە پێوانەییەکی خۆی، کە یەکەم یاریزانە ١٢٦ یاریی لەگەڵ بەرازیل کردبێت، کافۆ رایگەیاند، ئێمە دەزانین، کە ئەو ژمارەیەی من زۆر قورسە بشکێنرێت، چونکە هیچ یاریزانێک بە بەردەوامی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی یاری ناکات، من بۆ ماوەی ١٦ ساڵ بۆ بەرازیل یارییمکرد.




# شوێنگرەوەی لام دیاریکرا

کارل هاینز رۆمینیگە سەرۆکی یانەی بایرن میونیخی ئەڵمانی دووپاتی کردەوە، کە جۆشوا کیمیچ یاریزانی یانەکەی لە داهاتوودا شوێنی فیلیپ لام کاپتنی یانەکە دەگرێتەوە.

فلیپ لام لەدوای ئەم وەرزە بە شێوەیەکی یەکجاری ماڵئاوایی لە یاریگاکان دەکات.

لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی سکای سپۆرت، رۆمینیگە گوتی: پلانێکی زۆرمان بۆ داهاتوو داناوە، زۆر روونە، کە کیمیچ لە داهاتوودا شوێنی فیلیپ لام دەگرێتەوە. گوتیشی: لە وەرزی داهاتوودا کیمیچ خولەکی زۆر یاری دەکات، ئەوە پلانی کارلۆ ئەنچیلۆتی ئیتاڵی راهێنەری یانەکەمانە.

لە ماوەی رابردوودا رۆژنامەکانی ئەڵمانیا ئاشکرایان کردبوو، کە جۆشوا کیمیچ دەیەوێت لە وەرزی داهاتوودا ریزی باڤارییەکان جێبهێڵێت، چونکە لە ئێستادا بە شێوەیەکی زۆر کەم یاری دەکات.





# نیاز بیری هەولێر دەكات

یانـەی هەولێر بەهۆی كشـانەوەی لە خولـی نایابـی یانەكانـی عێراقـی بـووە هۆكارێك كە یانەكانی تری بەشدار لە خولی عێراق سـوود لە توانانی كوڕە كوردەكانی یانەكە ببینـن، یەكێـك لـەم یاریزانانـەش نیـاز محەمەدی یاریزانـی یانەی هەولێرە و ئێسـتاش لە ریزی یانەی نەفتـی ناوەڕاسـت یـاری دەكات. ئـەو یاریزانـە خـاوەن ئاسـتێكی بـەرزەو لەبـارەی چوونیشـی بۆ یانـەی نەفتی ناوەڕاسـت بـۆ گۆڤـاری گـوڵان گوتـی: «یانـەی نەفتـی ناوەڕاست یەكێك لە تیپە هەرە بەهێزەكانی عێراقەو منیش حەزم دەكـرد لـە تیپێكی بەهێز یاری بكەم، ئێسـتاش زۆر ئاسـوودەم لەگـەڵ یانەكـە، چونكـە خاوەنی كۆمەڵێك ئەسـتێرەی بەهێزە لەسەر ئاستی عێراق.» گوتیشی: «زۆر بیری شاری هەولێر و یاریـگای هەولێـر بەتایبەتـی دەكـەم، هیوادارم بـە زووترین كات بگەڕێمەوە بۆ خزمەتكردنی یانەی دایكی خۆشەویست، یانـەی هەولێریـش هەمیشـە لـە یادمە.» سـەبارەت بە خولی عێراقیـش گوتـی: «خولێكـی بەهێـزە و یانەكانـی عێراقیش هەمـووی یاریزانـی بەتوانایـی تێدایـە، منیـش حەزدەكـەم بتوانـم زۆرتریـن خزمـەت لـەم یانەیە بكەم و ئاسـتی خۆیشـم ببەمـە پێشـەوە، لەگەڵ یاریزانـە كوردەكانی تـری یانەكەمان پێكهاتەیەكـی بەهێزی كوردیمان دروسـتكردووەو دەبێ هەموو لایەك بزانێ كە ئاستی یاریزانی كورد لە ئاستی هیچ یاریزانێكی تر كەمتـر نییـە و بـە ئاست و متمانـەی خۆمـان، خۆمان دەسەلمێنین.»

# یانەیەکی سلێمانی چاوی لەسەر نازناوی خولی کوردستانە



جگە لە یانەی نەورۆزی شاری سلێمانی هیچ یانەیەکی ئەو شارە نەیتوانی سەربکەوێت بۆ یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕین و سیروانی نوێ-ی شارەکەش تەنیا مانەوەی لە خولەکە پێبڕا، بۆیە ئێستا یانەی نەورۆز هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجامەکانی خۆی لە چوارگۆشەی زێڕینی خولی نایابی کوردستان باشتر بکات و نازناوەکەش بگەڕێنێتەوە بۆ شاری سلێمانی، نوێنەرانی ئەو شارەش مەشقی چڕ ئەنجام دەدەن، بۆ ئەوەی ڕەنج بەخەسار نەبن. هەر لەم بارەیەوە یاسین عەبدولمەناف بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان زۆر باشەو چاومان لەوەیە بتوانین ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەستبهێنین لە یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینی خولەکە، هەرچەندە ئەم قۆناخە زۆر سەختە، چونکە یانەکانی زۆر بەهێزن و هەر یەکەو هەوڵی خۆی دەدات بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجامی دڵخۆشکەرتر لەوانی تر بەدەست بهێنێت.» یاسین گوتیشی: «ئەگەر بارودۆخەکە نەگۆڕێت، بەڵێنمان داوە ئەنجامان هەبێت و لەگەڵ ستافەکەی خۆمان خوێندنەوەیەکی تایبەت دەکەین بۆ ئەو تیپانەی سەرکەوتوون. ئێمە یاریزانی خۆمان هەیە و پێویستیمان بە یاریزانی تر نییە و کێشەمان ئەوەیە کەوا سوود لە هێرشەکانمان نابینین لە نێو یاریگا، ئەگەرنا ئاستمان زۆر باشە، تا ئێستاش بڕیارمان نەداوە یاریزان بهێنین.» لە بارەی گرفتەکانی یانەکەش یاسین گوتی: «هیچ گرفتێکمان نییە لە ریزی یانەکەمان، تەنیا چاومان لەسەر چوارگۆشەی زێڕینە کە کاری داهاتومان بە شێوەیەکی باشتر بکەین و نازناوی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان بهێنینەوە بۆ شاری سلێمانی.»

# ئەحمەد سالار پاشگەز بووەوە



یانەکان لە ئێستاوە ئامادەکاری دەکەن بۆ دەستپێکی وادەی خولی یانە پلەیەکەکانی کوردستان کە تاکو ئێستا یەکێتی تۆپی پێی کوردسان بەفەرمی کاتەکەی دیاری نەکردووە، بەڵام یانەکان بۆ بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی خۆیان و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، هەوڵی هێنانی یاریزانان دەدەن. ئەحمەدسالار، هێرشبەری پێشووی یانەکانی سلێمانی و پێشمەرگەی هەولێر دوای ئەوەی ئەمساڵ لە هیچ یانەیەکی خولی پلە نایابی کوردستان دەرنەکەوت، گرێبەستی لەگەڵ یانەی ئاشتی شاری سلێمانی کرد بۆ یاریکردن لە خولی پلە یەکی کوردستان، بەڵام دواجار گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوە، لەبارەی هۆکاری هەڵوەشانەوەی گرێبەستەکەشی ئەحمەد سالار بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «راستە من پێشووتر گرێبەستم لەگەڵ یانەی ئاشتی مۆرکردبوو، بەڵام بەهۆی هەندێك گرفتی تایبەت بەخۆمەوە، نەمتوانی لەگەڵ ئەو یانەیە بەردەوام بم، بۆیە بڕیاری هەڵوەشانەوەی گرێبەستەکەم دا.» لەبارەی چوونی بۆ یانەی تریش ئەحمەد گوتی: «گرێبەستی دیکەم بۆ نەهاتووە، بەڵام من تاکو ئێستا بڕیاری کۆتاییم نەداوە کە ئایا ئەمساڵ بۆ چ تیپێك یاری دەکەم، بۆیە لە ئێستادا چاوەڕوان دەکەم بۆ ئەوەی بڕیارێکی دروست بدەم لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی خۆم.»

جێگای ئاماژەپێکردنە ئەحمەد سالار لە رابردوودا یەکێك لە گۆڵکارە بەهێزەکانی خولی کوردستان بووە.